## "سامان سەعید  "لەوەڵام بە پرسیاری دەنگەکان
## لە حەڤدەهەمین ساڵ ڕۆژی تراژیدیای ئەنفال

دەنگەکان : ئایا توانراوە ئەنفال وەک ئەوەی کە هەیە , نەک ئەوەی کە دەسەڵاتداری کوردی ئەمرۆ دەیەوێت , بکرێت بەمێژوو ؟

سامان سەعید:  سەرەتا سوپاستان دەکەم بۆئەم  چاوپیکەوەتنە، هەروەها دەستخۆشیتان لی دەکەم کە لە بۆنەو یادەکاندا بەجیا لە یادکردنەوەیەکی روالەتی، دەتانەویت کۆمەلە مەسەلەکی جدی لەو یادەدا بوروژینن بە دواندنی کۆمەلیک لە کەسایەتی سیاسی و رۆشنبیر .

راستی یەکەی ئەنفال  بۆ خۆی میژووە ، میژوویەکە لە نیشاندانی درندەیی رژیمیکی هیجگار زالمانەی شوفینستی قەومی (رژیمی بەعس)لەلایەک و لەلایەکی تر قوربانیانیکی هیجگار زۆری کارەساتیکی تراژیدی ئینسانی  کە تەنها تاوانیک کردبیتیان ئەوە بووە خەلکی نەتەوەیەکی تر بوون، بە زمانیکی تر قسەیان کردووە . بۆیە ئەوەی ئەم میژووە وەک خۆی نەنووسراوە ، یان زانستیانە لیکۆلینەوەی لێ نەکراوە ،  یان نەکراوە بە بەشیک لەو تاوانانەی ئەمرۆ بە جینۆساید لە جیهاندا  ناسراون ، لە بوونی ئەنفال وەک میژوویەکی رەشی  کۆمەلگا و حکومەتی عیراقی کەم ناکاتەوە . ئەوەی کە بۆچی ئەم کارەساتە گەورە ئینسانی یە نەکراوە بە میژوو ، رەخنەی گەورە رووی لە بەرەی ئینسانی کۆمەلگای کوردستانە ، کە بی دەربەست بوون لە بەرامبەری دا، تەنها کاریک کردبیتیان جارجارە رەخنەیەکیان لە ناسیونالیزمی کورد گرتووە ، رەخنەکەش تەنها ئەوەی کە گوایە بۆچی بەشداربوانیک( ئەنفالچی یەکان ) کە دەستیان هەبووە لە کارەساتی ئەنفالدا سزا نادرین . ئەمە رەخنەیەکی بەجێ یە، بەلام هەموو مەسەلەی ئەنفال ناگریتەوە . دیارە ناسیونالیزمی کوردیش بۆ خۆ نەیویستوە حەقی تەواو بەم رۆژە بدات ، بۆ ناسیونالیزمی کورد زولمی قەومی بەگشتی و ئەنفال و هەموو ئەوکارەساتانەی تر کەبەسەر خەلکی کوردستان هاتووە ، مانایەکی هەیە ئەویش هەلسوران لەناویدا بۆ بەرژەوەندی بزووتنەوەی ناسیونالیستی کورد و بەجیا لەمە بەشوین بەرژەوەندی واقعی خەلکی کوردستانەوە نەبوون . بۆ ئەوان  ئەنفال و هەلەبجە و کارەساتەکانی تر مەیدانیک بووە بۆ تحریکی سۆز عاتیفە ئەمەش بۆ هیشتنەوەی خەلک لە ریزی حیزبەکانیان ، هەربۆیە ئەوان لەم یادانەدا بەشوین ئەوەوەن زۆرترین توانای تەبلیغاتی بەخەرح بدەن تا گریان بکەنە میوانی هەموو تاکیک لە کوردستان و کوردستان بکەنە مالیکی گەورەی پرسەگیران ، خەلک لە واتای ئەسلی ئەنفال و خواستی خەلک بۆ دوبارەنەبوونەوەی کارەساتی لەو جۆرە، قەرەبووکردنەوەی زیانەکان ، سزادانانی تاوانباران ، جوابدانەوە بە گریگولیکی یاسای  کە بۆ پاشماوەی قوربانیانی ئەنفال دروست بووە دوور بخەنەوە. ئەگەر خەلک لەمە دوور نەخەنەوە ، ناتوانن بەشدار  و شەریکی پرۆسەی بیناکردنەوەی حکومەتی توافقاتی سەنگ و سوکی هیزی لایەنەکانی  قەومی و دینی عەشایری عیراق بن ، حکومەتیک لە کۆبوونەوەی زۆرترین لایەنی کۆنەپەرست و دژ بە خواستی خەلکی کوردستان بو رزگاربوونیان لە زولمی قەومی ، ئەگەر خەلکی کوردستان بەلاریدا نەبەن ، ئەو کات خواستی خەلک بۆ دادگایی کردنی تاوانباران سەرئەنجام خۆشیان دەگریتەوە . زۆربەی تاوانبارانیک( ئەنفالچیان) کە کوردن وبەشداربوون لە کارەساتی ئەنفال لە ریزەکانی حیزبەکانی بزووتنەوەی کوردایەتین. مەلەسەلەی مەلەفچی یەکان زۆرنهینی و دەست تیکەلاوی تری ئاشکراکرد. بە جیا لەوانە پشتیوانی ئاشکرای ئەوان لە تاوانبارانیکی وەک وەفیق سامەرایی و نزارخەزرەجی ، ریگا خۆش کردن بۆ شیخ جعفەر بەرزنجی تا خۆی لە دەست خەلکی کوردستان رزگار بکات . ئەوان دەکات بە دالدەدەری تاوانباران . دیارە لە هەموو جیگایەکی دنیا سزایەک هەیە بۆ ئەو کەسانەی دالدەی تاوانبار دەدەن . لە کوردستان ئەمە بە پیچەوانەوەیە، خەلات دەکرین .  دیارە بەجیا لەمانە هەموو ئەو کارەساتانەی بەسەر خەلکی کوردستان هاتووە مەیدانیکی جدی کۆکردنەوەی ئیمکاناتی مالی بوون بۆ گیرفانی  حیزبەکانی بزووتنەوەی کوردایەتی. بەگشتی کارەساتیک و قوربانیەکی زۆر کە بەسەر خەلکی کوردستان هاتووە بەلای بزووتنەوەی ناسیونالیستی کوردەوە باشترین سەرمایەی سیاسی و مادی بووە بۆیان.

به بۆچوونی من نابیت مەسەلەی ئەنفال تەنها لە سزادانی تاوانبارەکاندا قەتیس بکەین . مەسەلەی چۆنیتی بەربەست دانان لە دوبارە بوونەوەی، جوابدانەوە بەو کیشە یاساییانەی کە درووست بوون ، کردنی بەمەسەلەیەکی جیهانی و کردنی بە سەکۆیەکی تری روویەروو بونەوەی جیهانیانە دژی جینۆساید و چەکی کۆ کوژی . ئەمانە کۆمەلە مەسەلەیەکن کە دەبیت بەرەی ئینسانخوازی و سۆشیالیستی کوردستان ببیتە بەشیکی جدی خەباتی . پرۆژەی دروستی هەبیت بۆی .

**دەنگەکان** : ئەو ئەرکانە چین لەسەر شانی ڕۆشنبیری کورد لە نزیک و دوورماوەدا , سەبارەت بەکارەساتی ئەنفال ؟

**سامان سەعید** : رۆشنبیر لە کوردستان روالەتیکی وای بە خۆوە گرتووە کە هەرکەس قەلەم بەدەستەوە بگریت و شتیک بنووسیت بیخەنە دەستەی رۆشنبیرەوە ، بۆ من ئەو رۆشنبیرانە جیّ مەبەستن کە لەبەرەی ئینسانی خوازیدا راوەستاون.وە ئەم ئەرکە بەتەنها بەوان بەرتەسک ناکەمەوە، من هەلسوران بۆ ئەنفال بە ئەرکی بزووتنەوەی ئینسانیخوازی کوردستان دەزانم ، ئەم بزووتنەوەیە لە رۆشنبیران بەرفراوانترە ، بۆیە دروست تر ئەوەیە بلییت ئەرکی ئەم بەرەیە چی یە؟
کە من لەلای خۆمەوە ئەم چەند کارە بەگرنگ دەزانم :

1- دروستکرنی ناوەندیک ، ریکخراویک بۆ کارکردن بۆ ئەنفال. ئەم ناوەندە دەتوانیت لەلایەک بەرنامەو پرۆژەی دروست باش بخاتە دەستورکاریەوە، لەلایەکی ترەوە هەولە جیاوازەکان لەگەل یەک هەلبپیکی ، بەمەش دەتوانیت زۆرترین قورسای و هیز لەدەوری خۆی کۆبکاتەوە.

2- ئەم ناوەندە دەبیت پرۆژەی خۆی هەبیت بۆ چۆنیتی کردنی ئەنفال بە مەسەلەیەک کە لەئاستی جیهانیدا بایەخی پیّ بدریت ، وەک بەشیک لەو تاوانانەی دژی مرۆڤایەتی کراوە تەماشا بکریت . بەرەی ئینسانی جیهانی پیّ ی ئاشنا بکریت . لەم ریگایەشەوە ببیتە بەشیک لە بزووتنەوەیەکی جیهانی بۆ دژوەستانەوەی جینۆ ساید و چەکی کۆ کوژی . دیارە پیشتر ئەم کارە ئاسان نەبوو ، چونکە مەسلەحەتی زلهیزەکانی دنیا بەربەستی زۆر گەورە دادەنین لەبەردەم هەولیکی لەو جۆرە . ئەماشاکەن لە سایتی ئەنتەرنیتی دا وەختیک بەشوین بابەتی جینۆساید دا دەگەرییت زۆرترین شت چنگت دەکەویت لەسەر هۆلۆکۆست و رواندا و دارفۆرد کەمیکیش لە سەر کەمبۆدیا ، بەشی شیر بەر کارەساتی هۆلۆکۆست دەکەویت . ئەمە مانایەکی سیاسی هەیە . بەلام بەدوای مەسلەحەت خوازی سەرمایەداری ئەمریکی لە ناوچەکەو داگیرکردنی عیراق و رژیمی درندەو فاشیستی بەعس . وە ئەوەی کە خودی ئەمریکاش بۆ رازی کردنی رەئی عالەمی و ناخۆی ئەمریکی بەناچار دەستی بۆ هەلدانەوەی لاپەرە رەشەکانی میژووی بەعس بەریت ، هەروەها سەرنجی دنیا رۆژانە لە سەر عیراقە . ئەمانە دەروازەیەکی ئاوەلا کردوە و فرسەتیکی باشی داوە بەدەست بزووتنەوەی یەکسانیخوازی ئەم ئەرکە بە موفەقی ئەنجام بگەیەنیت.

3- کاردکرن بۆ هۆشیار کردنەوەی خەلکی کوردستان بەوەی کەچ ریگایەک کارسازترو کەم دەردی سەر ترە کە ریگا لە دووبارە بوونەوەی کارەساتە تراژیدیا گەورەکانی سەر خەلکی کوردستان بگریت . بەلای منەوە لەئیستادا پیش بینی ئەوەناکریت لە عیراقدا حکومەتیکی مەدەنی و عیلمانی دروست ببیت . هیزی گەورەی پیکهینەرو دروستکەرەوەی حکومەتی داهاتووی عیراق ئەوەیە هەموومان دەیبینین ،ئەگەرچی ناسیونالیزمی عەرەب لەو پەری قەیران و شکستدایە ، کەچی ئەگەر فشاری ئەمریکا نەبیت لەسەری ئامادە نی یە هیچ خواستیک قبول بکات ، ئیمە نابیت بەوە فریو بخوین کە ناویان ناوە ( سوننە و شیعە) گوایە دەتوانین لەناکۆکی نیوانیان سود وەربگرین بە قازانجی خۆمان ،ئەمانە هەموویان پیکهینەری ناسیونالیزمی عەرەبین . ئەمرۆ ناکۆکن لە ناوخۆیاندا ، بەلام لەسەر ئەوە کۆکن کە هەقی هاوولاتی بە خەلکی کورد نەدەن . ئەم زەمەنە ئەگەر شتیک لەواندا رووی دابیت باری ناچاری و روو لەخواری بزووتنەوەکەیانە. بۆیە ئاگری شەری قەومی نەکوژاوەتەوە تەنها خامۆش بووە . بۆ ئەوەی لەم ئاگرە خەلکی کوردستان دوور بکریتەوە ، دەبیت لە عیراقی عەرەبی و ئیسلامی کە هەردووکیان دوو پایەی ناسیونالیزمی عەرەب پیک دەهینن دوور بخریتەوە ، ئەمەش تەنها بە جیا بوونەوەی کوردستان و کوردستانیکی سەربەخۆ پیک دیت . لەم پیناوەشدا

پیویسته فریوکاری ، مەسلەحەت خوازی و تەنگ نەزەری ناسیونالیزمی کورد بخریتە بەر رەخنەی توند ، خەلک بەمە هۆشیار بکرین . بزووتنەوەی جەماوەری بۆ سەربەخوی کوردستان ریکخرا و گەشەدار بکریت .

4- قوربانیانی ئەنفال بە مافەکانیان ئاشنا بکرین . دەبیت قەرەبووی زیانی مادی و مەعنەو قوربانیانی ئەنفال بکریت ، ئەمە ئەرکیکی ترە کە لەسەر شانی ئەم بزووتنەوەیەیە ، دەبیت بۆ ئەمە هەم یەخەی حکەمەتی عیراقی بگیریت ، هەم یەخەی دەسەلاتدارانی کوردستان.

5- کارکردن بۆ سزادانی تاوانباران چ ئەوانەی لە کوردستان حیزبەکانی بزووتنەوەی کوردایەتی دالدەی داون چ ئەوانەی دالدەی ئەنفالچی یەکانیان داوە . چ ئەوانەی لە عیراقدا دەژین و حیزبە عیراقی یەکان دالدەی داون ، یان هەلهاتوون بۆ دەرەوە و ئیستا پەنابەری یەکیک لە وولاتەکانن . دۆزینەوە و راکیشانی ئەو ئەنفالچیانە بۆ بەردەم دادگا و سزادانیان ئەرکیکی تری ئەم بەرە ئینسانی یە .

6- ئەنفال بە جیا لە بارگرانی و تراژدیا ئینسانی یەکەی ، باریکی قورسی یاسای درووست کردووە بۆ ئەو کەسانەی شانسیکیان دەست کەو بەر ئەنفال نەکەوتن . کارکردن بۆ جوابدانەوە بەم مەسەلە کۆمەلایەتی یە ئەرکیکی جدی ترە.

7- کارکردن بۆ پاریزگاری کردن لە ئاسەواری شوینەوارو کەل و پەل و گۆری بەکۆمەل کە ئەنفالیان تیایدا ئەنجام داوە و کردنیان بە مۆزەخانە ، ئەمە ئەرکیکە ، کە دەتوانیت رووی رەش و تاوانکاری حکومەتی بەعسی فاشی هەموو کات نیشان بدات ، ئەم مۆزەخانانە و میژوویەکی نوسراو لیکۆلینەوەی دروست و زانستی لە سەر ئەنفال ، دەتوانن بکرینە بەشیک لەو روانگانەی کە نەوەی داهاتوو لە عیرا ق و کوردستان پێ ی ئاشنا بکریت و پەروەردەیەک پێ ی بیتە بەرهەم کە نەوەی داهاتوو نەفرەت لە توندو تیژی و جەنگ و کوشتار بکاتەوە .

دیارە خالی زۆرتر هەن کە دەکریت بەمانە زیابکریت

**دەنگەکان :** دیاریکردنی ڕۆژێک بۆ ئەنفال بیرۆکەیەکی سەرکەوتووە ؟

**سامان سەعید:** ئەوەی کە رۆژیک دیاری بکریت بۆ ئەنفال ، بەلی بیرۆکەیەی سەرکەوتووە و لە جێ ی خویدایە ، خۆی نەکردنی تا ئیستای لاوازی و کەم تەرخەمی یە . بەلام ئەبیت ریگا بگرین لەوەی رۆژیک دیار بکریت تەنها بۆ پشو و گیرانی پرسەی گشتی و گریان و لانانەوە. پیویستە ئەم رۆژە رۆژی بەرەی ئازادیخوازی کوردستان بیت بۆ خەبات بە دژی جینۆساید . بە دژی چەکی کۆ کوژی ، بە دژی پلەدووی خەلکی کورد، بەدژی حوکمی موتلەق و دیکتاتوری و دژی پاوانخوازی دەسەلات . بە دژی پیشیلکردنی ئازادی یە فەردی و کۆمەلایەتیەکان و زۆر خواستی تری ئینسانی ،

لە کوتایدا جاریکی تر سوپاستان دەکەم بۆ ئەم چاو پیکەوتنە.